# بابەك ئەحمەدی
# لەبارەی پێکهاتەو راڤەی دەقەوە دەدوێت.




چاوپێکەوتن : دڵزار حەسەن

بابەك ئەحمەدی ئەو رووناکبیرە فارسەیە کە لە هەشتاکانی سەدەی (21)ی زایینی وەك لێکۆڵەرەوەی بابەتە ئەدەبیەکان بەپێی میتۆدی راڤەکاری بۆ دەقی پیرۆزو دەقی ناپیرۆز کاری کردووە. هەر لەو چوارچێوەدا بابەك ئەحمەدی چەندین کتێبی لەبابەت راڤەو شرۆڤەی دەقەوە بە چاپ گەیاندووە.

یەکێك لە کتێبە پڕ بایەخەکانی پەرتووکی "پێکهاتەو راڤەی دەق" ە کەبە قەوارەیەکی گەورە بە چاپی گەیاندووەو بەڕێز مەسعود بابایی کە خۆی دەرچووی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین و خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانە, هەڵساوە بە وەرگێڕانی ئەو پەرتووکە بەنرخەی بابەك ئەحمەدی. سەرەتا وەرگێڕ بەشی یەکەمی لە ساڵی 2004 بە هاوکاری سەنتەری نما بە چاپ گەیاندووەو واش بڕیارە بەشەکانی تری لە ئاییندەیەکی نزیکدا بە چاپ بگەیەندرێ.

ئێمەش بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر وەرگێڕان و بیری بابەك ئەحمەدی لە نێو پەرتووکەکەیدا ئەو چاو پێکەوتنەمان لەگەڵ مەسعود بابایی وەرگێڕ ساز کرد:-

* ئایا پرۆژەی وەرگێڕانی ئەو کتێبەت چۆن لا گەڵاڵە بوو؟

- کاتێك ئەو کتێبەم خوێندەوە بەراستی زۆرم بەلاوە پەسند بوو وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی, بۆئەوەی بیری ئەو روناکبیرە مەزنەی فارس لە رێگای زمانی کوردیەوە بگەیەنمە خوێنەری کورد. هەر لەبەر گرنگی هزری بابەك ئەحمەدی بوو دەستم بەو پرۆژەیە کرد. دیارە ئەو بیرمەندە شایانی ئەوەیە خوێنەری ئێمەی لێوە ئاگادار بێت و لە جۆری بیرکردنەوەی ئەو روناکبیرە حاڵی بێت.

* دەتوانی بە کورتی باس لەو میتۆدانە بکەیت کە بابەك ئەحمەدی بۆ راڤەی دەق کاریان لەسەر دەکات؟

- ئەو کتێبە "پێکهاتەو دەق" کە لە نووسینی بابەك ئەحمەدی‌یە، کە روناکبیرێکی فارسە، باس لە دەق دەکات بەهەموو شێوەکانیەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان لە راڤەی دەقدا دودوێت.

لەو کتێبەدا نووسەر دەقی پیرۆزو دەقی ناپیرۆز لێك جیا دەکاتەوە... هەڵبەتە ناوەڕۆکی کتێبەکە چەند بەشێك بەخۆیەوە دەگرێت، بەشەکانیش ئەمانەن:-

باری یەکەم: زمان‌و نیشانە لە دیدی سۆسێر، پێرێس، مۆریس ەوە.

باری دووەم: بایەخی فۆرم لەدیدی فۆرمالیستە روسەکان.

باری سێهەم: زمان‌و شیعر لە دیدی یاکۆبسێن.

باری چوارەم: لۆژیکی وتووێژ لە دیدی (باختین)ەوە.

باری پێنجەم: میتۆدی دەربڕین لە دیدی (مۆکارۆفسکی)ەوە.

باری شەشەم: فۆرم‌و واتا لە دیدی (پرۆپ ، یۆڵس، گێرماس، برێمۆن)

دیارە ئەم کتێبە وەك کتێبێکی قەوارە گەورە بە چاپ گەیاندراوە بەڵام من بەش بەش وەریاندەگێڕم‌و بڵاویان دەکەمەوە. ئەوەی بەردەستتان بەشی یەکەمیتی کە بابەك ئەحمەدی لەسەر ئەو بابەتانەی سەرەوە دیدی خۆی نمایش دەکات.

نووسەر بەپێی لۆژیکی ئەو رووناکبیرانە کە دیدگای خۆیان لەسەر زمان‌و فۆرم‌و واتاو ..... هتد دەربڕیوە. ئەو دێت لە گۆشە نیگای ئەوانەوە مانای تازەو دیدگای نوێ دەبەخشێتەوە.

دەق – لای نووسەر دەق ئەو پێکهاتە زمانەوانیەیە کە خوێنەر بۆی هەیە چۆنی بوو وتی راڤەیان بکات، ئەمەش بۆئەوەی لە ماناو واتاکانی زمان نزیکبینەوە.

* هەروەك دەزانین دەقی فارسی کتێبەکە زۆر بەهێزەو وا ئاسان نیە وەرگێڕ بتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، ئایا تۆ ئەم کارەت چۆن کرد؟

- بەر لە هەموو شتێك دەبێت پێناسەی زمانی کوردی بکەیت. دیارە زمانی کوردی پێکهاتووە لە چەندین دیالێکت، لەناو دیالێکتەکانیشدا چەند شێوەزارێکمان هەیە، بۆیە وشەکان بەشێوەیەکی پەرتەوازە لەناو ئەو دیالێکتانەدا خۆیان حەشارداوە. کەوابوو دەبێت جارێکی دیکە زیندوو ببنەوەو واتایەکی بارکراویان لەسەر باربکرێتەوە. بۆئەوەی بتوانێت دەربڕی هزری ئەمڕۆ بێت. پێشم وایە لە زمانەکانی دیکەدا زۆر وشە هەن لە مانا کۆنەکەیەوە داڕنراون‌و واتای تازەیان لە پانتایی هزری فەلسەفیدا پێبەخشراوە. ئەو زمانەی ئێمەش بەدەر نیە لەو رێسایە.

هەڵبەتە شێوەی بەکارهێنانی زاراوە لەم کتێبەدا بەپێی دوو یاسایە: یاسایەکیان گەڕانە بەدوای وشە لەنێو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا وەکو دیالێکتی گۆران کە چەندین زاری لێدەبێتەوە. بۆ نموونە وەکو هەورامی و زەنگەنەو باجەلان و ئەردەڵان و.....هتد کە ئەمانە خۆیان خاوەنی کۆمەڵە زاراوەیەکن کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەکارنەهاتوون لە نووسیندا. بۆ نموونە وشەی (واقیع) کە عەرەبیە بە (کەتوار) وەرمگێڕاوە کە وشەیەکی کرمانجی ژووروەو بێگومان پڕاوپڕی مانای "واقیع"یش دەگەیەنێت.

هەڵبەتە ئەگەر بێت و لە رەگی وشە عەرەبییەکە تێبگەین و لەگەڵ وشە کوردیەکەوە بەراوردی بکەین دەبینین بەو شێوەیە ماناکانیان یەکانگیر دەبێت .

" واقیع لە "وقع" هاتووە و " کەتوار "یش بە کەت =وار دێت ، واتە شتێك کە دێتە گۆڕێ – یەك ئەو شتە کە دەبێت ببێ بەڵکو " ئە شتە لە ئێستادا لەئارادایە " .

یان وشەی " پیوار " لە جێگای " غیاب " بەکارم هێناوە – کە دەکاتە " ئەو شتەی لە ئارادا دەبێت " ئەمەم لە زاری هەورامی وەرگرتوە . لەگەڵ چەندان زاراوەی دیکە کە ئێستاکە دەرفەتی ئەوەمان نییە باسیان لێوەبکەین . کەوابوو تواناکە لە زمانی کوردیدا هەیە بەڵام ئەوە ئێمەین بە شێوەیەکی زانستی لە رووی رەچەڵەك ناسی وشەکانەوە کارمان لە سەر زمان نەکردووە .

دیارە لە نێو وەرگێرانەکەدا زۆرێك وشەی نوێی فەلسەفەی تازە بەر چاوی خوێنەر دەکەوێت – کە رەنگە هەبێت نەتوانێ بە ئاسانی لێیان حاڵی بێت ، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

هەڵبەتە زمانی فەلسەفەی جیاوازی زۆرە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ئاخافتنی خەڵکی – بۆیە خوێنەر و خوێنەری فەلسەفە دەبێت بە دوای رەچەڵەکی وشەکاندا بگەڕێت ، چونکە هزری فەلسەفەی پێویستی بە زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە وابوو دەبێت یان دروستی بکات یاخوود لە نێو شێوە زاری زمانەکەدا بیدۆزێتەوە ، دیارە بە خۆشحاڵیەوە کۆمەڵێك توانا لە زمانەکەدا بە دیدەکەین کە بە راستی هیوادارمان دەکات کە کورد بتوانێ بە زمانی خۆی بنەماکانی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی داڕێژێ رەنگە ئەمە بانگەشەیەکی لووت بەرزانەشبێت بەڵام من لەم راستیە دڵنیام کە ئەوەی لە نێو زماندا ئیشبکات لە توانای بەکارهێنان و دەربرینی زمان و زاراوەکە تێدەگات .

منیش بە هۆی ئەوەوە کە ماوەیەکی زۆرە بەم کارەوە خەریکم " پەیم " بەو توانایە بردووە ، خوێنەریش دەبێت لەگەڵ دونیای ئەو وشە تازانەوە رابێت . بە بوێریشەوە دەتوانم بڵێم ئەوەندەی کە من ویستوومە خزمەت بە زمانەکە بکەم لەو وەرگێرانەمدا رەنگە ئەوەندە بیرم لە خوێنەر نەکردبێتەوە .بۆیە دەبێت خوێنەر کەمێك خۆی بەو وشانەوە ماندوو بکات . تا زیاتر لە مانا و دەلالەتەکانی زمان نزیك ببێتەوە .

* فۆرم و نێوە رۆك لە دەقدا تا چ رادەیەك بە شێوەیەكی یەكانگیر پێكەوە گرێدراون و ئایا رای ئەم كتێبە چیە لە بارەیەوە ؟

– هەڵبەتە وەكو دیارە كتێبی یەكەم باس لە نیشانەكان و فۆرمی دەق دەكات لێرەدا دەتوانین نیشانەكان بە ئامرازی گواستنەوەی واتا لە نێو دەقدا لە قەلەمبدەین . بەلاّم ئەوەی كە فۆرمی پێدەوترێت لەم كتێبەدا لە روانگەی فۆرمالیستەكانەوە بە تایبەتی یۆكۆبسن –ەوە كە خاوەنی گرنگیەكی پلەیەكە لەو بارەیەوە بێگومان كتێبیەكە روانگەكانی نووسەرانی دەقی جیاجیای شیكردۆتەوە .واتە نووسەری هەر قوتابخانەیەك بە هەر شێوەیەك باسی دەقی كردبێت ئەوە لەم كتێبەدا ناوی هاتووە ، بەلاّم پێم وایە نووسەر خۆی لە نێو رێگای فۆرم و واتا دایەوە گرنگیەكی تەواو بە هەردوو لا دەدات و بایەخی ئیستاتێكی هەردوو بابەتەكە بەلایەوە گرنگە ، لەبەرئەوەی كە كتێبەكە شیكەرەوەی روانگەكانە هەوڵی داوە هەڵوێست لە بەرامبەر دژەكانیدا وەرنەگرێت . ناراستەوخۆش دەتوانین لە سووچ و قوژبنەكانی كتێبەكەدا تا رادەیەك لە نوسەر نزیك ببینەوە و لە بیرو بۆچوونەكانی تێبگەین و تا بزاندرێت چۆن دەروانێتە ئەو دوو لایەنە .

* ئایا ئەو میتۆتانەی نووسەر كاری پێیانكردووە بۆ شرۆڤەكردنی دەقی ژانرە ئەدەبیەكان چییە و چۆنە ؟

– دەبێت سەرەتا ئەوە بڵێم بەر لە هەمو شتێك بابەك ئەحمەدی لە دیدێكی ئایدۆلۆژیەوە سەیری بابەتە جیاوازەكان ناكات ، واتە وەكو ریالیزمی شۆڕشگێری و یان رۆمانیزمەكان یان هەر رێبازێكی دیكە ، دەق شیناكاتەوە بەڵكو هەندێ جار راڤەی كلاسیك بەكار دەهێنێت ، هەندێ جاریش مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە – تەنانەت لە هەندێ شێوێندا فۆرم تەنیا بە ئامرازی گواستنەوەی واتا نازانێت . كەوابوو لێرەدا دیدگایەكی ریالیستی نییە بۆ دەق بەڵكو زیاتر دیدگایەكی ئیستاتێكی هەیە بۆ دەق .

بۆ نموونە فۆرم لە لای ئەو رازێنەرەوەی زمانە و واتاش بیانووە بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانە جوانتر سیمای زمان برازێنێتەوە .

دەقی ناو ژانرە ئەدەبیەكانیش لەو كتێبەدا هەمووی باسكراون هەر لە شیعرەوە بگرە تا دەگاتە چیرۆك و رۆمان و پەند و قسەی نەستەق و نوكتە و ئەفسانە و داستان و قارەمانیەتی و مەتەڵ و ...هتد .

واتە بابەك ئەحمەدی توانیویەتی لەسەر هەموو ژانرە ئەدەبیەكان قسەی هەبێت ، تەنانەت بە پێی هەموو قوتابخانەكان و پێناسەكان دیدگای جیاوازی خۆشی بۆ هەر یەكەیان ئاشكرا كردووە .

* جیاوازی روانین و بیركردنەوەی بابەك ئەحمەدی لەگەڵ هاپرماس و درێدا و گادامێر لە رووی شیكردنەوەی دەقەوە چۆن دەبینی ؟

– باسكردن له هاپرماسی نێو ماركسیست و درێدای هەڵوەشاندنەوە گەروو گادامێر كە زۆر گرنگیە رەهەندی پەیوەندی زمان دەدات لە ئاستی سیاسی و كۆمەلأیەتیدا ، هەڵبەتە لەم رووەوە بایەخێكی زۆری بۆ دادەنرێت .
لێرەدا ئەم پرسیارەت پێویستی یەوە هەیە كە خاڵە جیاوەزەكانیان ششیكردبێتەوە هاپرماس كەسێكە كە بە شێوەیەك لە شێوەكانی وەفادارە بە میتۆدی شیكاری ماركسیەی و بروای وایە كە پرۆسەی مۆدێرنیتە بەردەوامە و هێشتا بە چڵە پۆیە گەشەسەندنی خۆی نەگەیشتووە .
درێداش هەر وەكو دەزانین سەر بە پۆست مۆدێرنێتە و هەروەكو پۆست مۆدێرنێتەكانی دیكە پرۆسەی مۆدێرنێتە دەداتە بەر پلانی رەخنەوە گادامێریش كەسێكە كە زیاتر گرنگی بە ئاستی سەرەوەی زمان دەدات و لە كاریگەریەكانی زمان دەكۆڵێتەوە و لە ئاخێوی "Discouys " رامیاری ، ئابووری ، كۆمەلأیەتی ، بە گشتی مرۆڤ لە بوونەی كۆمەڵگا و پەیوەندیەكانی ئەو مرۆڤە لەگەڵ سیستەمی رامیاری و كۆمەلأیەتی دەكۆڵێتەوە و "تیۆری رەهەندی پەیوەندی" ناوبراو هەڵبەتە زیاتر پراكماتیستی‌یە بۆیە بابەك ئەوەندەی لە درێداوە نزیكە لە هاپرماسەوە نزیك نییە . دەتوانین بڵێین لە درێداوە نزیكە و لە هاپرماس دوورە .
هەڵبەتە بابەك پاش درێدا و فۆكۆ رەنگە لە گادامێر نزیكتر بێت هەڵبەتە ئەم قسەیە بە پێی دەقی كتێبەكەوە دەكەم ، ئەگینا لە بوارەكانی دیكەدا پێم وایە جیاوازبێت ، واتە لە شیكردنەوەی دەق و زماندا پێدەچێت بابەك بەو شێوەیە بێت كە باسم لێوە كرد .
بە هەر حاڵ بیر و را فرە چەشنەكان لەمەڕ دەقەوە لە دوو توێ كتێبەكەدا بەدی دەكرێت ، هیوادارم خوێنەر خۆی كتێبەكە بخوێنێتەوە و لایەنە جیاوازەكانی هەر یەك لەو بیرورایانەە تاوتوێ بكات .
لە كۆتایشدا دەڵێم ئامانجی من لە وەرگێڕانی ئەم كتێبەدا راهێنانی زمانی كوردییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی دیكە بوارەكانی فەلسەفە و تیۆری ئەدەبی و زامانەوانیەكان تاقیبكەنەوە .